گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هەڵمەتی ڕەشبگیری بەعسییەکان لەدوای کودەتای 8ی شوباتی 1963 لە شاری هەولێر/ لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەیی

**د. بورهان حاتەم عوسمان**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Burhan.othman@su.edu.krd

**د. نەهرۆ محمد عبدالقادر**
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
nihro.abdulqader@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٣/١٥
پەسەندکردن:٢٠٢١/٤/٢٢
بڵاو کردنەوە: بەهاری ٢٠٢١

**وشە سەرەکییەکان**
*Baath, Arrest, Erbil, Coup, prison*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.2.09

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە فەرمییە بڵاونەکراوەکانی حکومەت، هەڵمەتی ڕەشبگیری بەعسییەکانی خستووەتەڕوو، کە دوای کودەتای 8ی شوباتی 1963 لە شارەکانی عێراق و کوردستان، لەنێویشیاندا شاری هەولێر دەستیان پێکرد. لەو ماوەیەدا (حەرەس قەومییەکان) و دەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی دیکە بە سەدان کەسیان لە هەولێر دەستگیرکردووە. لێکۆلینەوەکە لەسەرەتادا باسی لە دەستگیرکردنی ئەندامان و لایەنگرانی حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە. پاشان دەستگیرکردنی چین و توێژە جیاجیاکانی وەك جووتیار و کاسبکار و پیشەوەر و بازرگان و مامۆستا و فەرمانبەر و ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەکانی خستووەتەڕوو. لە بەشێکی دیکەی لێکۆڵینەوەکەدا تیشك خراوەتە سەر ئەو بەندیخانانەی، کە بەندکراوانی هەولێری تێدا بووە و ئاماژە بە بارودۆخی بەندکراوان و ئەشکەنجەدانیان کراوە. لە کۆتاییشدا بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاماری ژمارەی دەستگیراوانی شاری هەولێر و ناحیە و قەزاکانی دیکەی هەولێر خراوەتەڕوو.

## پێشەکی:

کودەتای 8ی شوباتی ساڵی 1963، یەکێک لەو پێشهاتانەبوو، کە کۆتایی بە ماوەی فەرمانڕەوایەتی عەبدولکەریم قاسم (1958-1963) هێنا. دۆخێکی تازە لە عێراق هاتە ئاراوە، کە ڕەنگدانەوەی بەسەر تەواوی وڵات دا هەبوو. هەولێریش ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر کاریگەرییەکانی ئەو ڕووداوە، بەتایبەتی ئەو هەڵمەتە ڕەشبگیرییەی، کە لەلایەن حەرەس قومییەکان لەو شارە دا دەستیپێکرد.

لەو ماوەیەدا حەرەس قەومییەکان، دەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی دیکە، بە دەیان کەسیان لە هەولێر دەستگیرکردووە، ڕاپێچی زیندانەکانی شارەکە و لیواکانی دیکەی ناوەڕاست و باشوور کردووە، بەجۆرەها شێواز ئەشکەنجەیان داون، تەنانەت دەستیان لە ژن، منداڵ، پیر و پەکەوتەش نەپاراستووە. لەو سۆنگەیەدا "هەڵمەتی ڕەشبگیری ساڵی 1963ی بەعسییەکان لە هەولێر/ لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەییە"، دوو توێی ئەو لێکۆڵینەوەیە دانسقەیە، کە پاڵپشت بە بەڵگەنامە حکومییەکان، بەشێوەیەکی ئەکادیمی لەو ماوەیە مێژووییە دەکۆڵێتەوە، کە یەکەمین جارە و پاڵپشت بەو بەڵگەنامانە، توێژینەوەی ئەکادیمی لەم شێوەیە لەسەری بکرێت. بەڵگەنامەکانیش بەشێکیان لە ئەرشیفی پارێزگای هەولێر و بەشێکی دیکەشیان لە کەسایەتییەکی سیاسی وەرگیراون و دانەی کۆپیکراوییان لای توێژەر پارێزراوە.

لێکۆڵینەوەکە، وێڕای خستنەڕووی بەرکۆڵێکی کورت و خێرا لەبارەی دۆخی هەولێر لە سەروبەندی ئەو گۆڕانکارییە، تیشکی خستووەتە سەر دەستگیرکردنی ئەندامان و لایەنگرانی حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان. دواتر دەستگیرکردنی چین و توێژە جیاجیاکانی وەك جووتیار، کاسبکار، پیشەوەر، بازرگان، مامۆستا، فەرمانبەر، ژن، منداڵ، پیر و پەککەوتەکان. لەگەڵ باسکردنی ئەو بەندیخانانەی، کە هەولێرییەکانی تێدا بوونە، بارودۆخی بەندکراوان و ئەشکەنجەدانیان. لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆتاییشدا لێکۆڵینەوەکە به پشتبەستن بە بەڵگەنامە فەرمییەکان، ئاماری ژمارەی دەستگیرکراوانی لە هەولێر بەدیارخستووە.

لەو ڕوانگەیەی کە لێکۆڵینەوەکە، پشت ئەستۆرە بە بەڵگەنامە حکومییەکان، بۆیە ئامراز و کەرەستەی توێژینەوەکە ئەو بەڵگەنامە دانسقانەن، وێڕای بەکارهێنانی هەندێک کتێبی سنوودار، کە لە نووسینەکەدا سوودیان لێوەرگیراوە. بۆیە دیارترین ئەو سەرچاوەی بەکارهێنراون، بریتین لە نووسراوەکانی حاکمی سەربازی ناوچەی باکوور، موتەسەڕیفی لیوای هەولێر، معاونییەی ئەمنی هەولێر، دەستەی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی دەستگیرکراوان لە هەولێر، لەگەڵ نووسراوی بەشێک لە فەرمانگەکانی دیکە، کە لە لیستی سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ کراوە.

لە کۆتاییدا خوازیارین، لێکۆڵینەوەکە خزمەتێکی بچووکی بە نووسینەوەی ئەکادیمییانەی ڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکانی مێژووی کوردستان و هەولێر بەتایبەتی کردبێت و بەشێك لە لاپەڕە شاراوەکانی ئەو شارەی هەڵدابێتەوە.

## دەروازە/ هەولێر لە سەروبەندی کودەتای 8ی شوباتی 1963 دا

لە بەرەبەیانی ڕۆژی 8ی شوباتی 1963 دا لە کودەتایەکی سەربازی خوێناوی بەعسی و نەتەوەخوازەکاندا توانیان دەسەڵاتی (عەبدولکەریم قاسم) بڕوخێنن و لە ڕۆژی دواتریشدا لە سێدارەی بدەن. ئەمەش بە کودەتای یەکەمی بەعس بە هاوبەشی لەگەڵ نەتەوەییەکان لە عێراقدا ناسراوە (حمیدي, 2015: 288-289؛ سعید, 1999 :45-48 ). هەر لە هەمان ڕۆژی کودەتادا میلیشای پاسەوانی نەتەوەیی (حەرەس قەومی)1 لە شەقامەکانی بەغدا و ناوچەکانی دیکەی عێراقدا دەرکەوتن و هەڵمەتێکی گەورەی کوشتن و گرتن و ڕاوەدوونانیان لە شار و شارۆچکەکانی

---

[1] میلیشایێك بوو لە کۆتایی کانوونی دووەمی 1963 بەعسیەکان بەنهێنی دایانمەزراند. لە 8ی شوباتی 1963 دا (ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش) یاسایەکی تایبەتی بۆ پێکهێنانی ئەو میلیشایە دەرکرد. لە یەکەم ڕۆژی کودەتاکەدا ئەندامانی حەرەس قەومی بە چەك و جلی مەدەنییەوە ڕژانە سەر شەقامەکان و پشتگیری کوەتاکەیان کرد. تاوانێکی زۆری کوشتن و گرتن و ڕاوەدوونان و سوتانی ماڵ و موڵکی هاوڵاتیانیان ئەنجامدا. دوا بەدوای کودەتای 18ی تشرینی دووەمی 1963 و لەسەرکارلادانی بەعسییەکان، عەبدولسەلام عارف بە فەرمانێك ئەم میلیشیایەی هەڵوەشاندەوە. بڕوانە: (المنحرفون من الحرس القومي، 1964: 13-212؛ الخفاجي، 2016: 35 وما بعدها).

عێراقدا دەستپێکرد، بەتایبەتی دژ بە ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق و هاوڵاتیانی کورد، کە تا کۆتایی ماوەی یەکەمی حوکمی بەعس بەردەوامی هەبوو. لەو ماوەیەدا بە هەزاران کەس کوژران و بە دەیان هەزار کەسی دیکەش دەستگیرکران و ئەشکەنجە دران. بەگوێرەی سەرچاوەیەك تەنیا ژمارەی کوژراوانی حزبی شیوعی گەیشتووەتە (5000) کەس (بطاطو, 2006 :298)، هەرچەندە لەوانەیە زێدەڕۆیی لە ژمارەکەدا کرابێت و لەوە کەمتر بێت. سەبارەت بە دەستگیرکراوەکانیش لە یەکەم ڕۆژی کودەتاکەوە تا تشرینی دووەمی 1963 ژمارەیان گەیشتووەتە (120) هەزار کەس (البوتاني، 2007 :385). بەهۆی زۆری ژمارەی بەندکراوان، بەندیخانەکان پڕبوون، بۆیە لە هەندێك لە شارەکاندا یانە وەرزشی و قوتابخانەکان کراونەتە بەندیخانە. هەروەها چەندین باڵەخانە لە شارەکاندا بەکرێ گیران و وەك بەندیخانە بەکاردەهاتن (الخفاجي، 2016: 152-153).

سەبارەت بە شاری هەولێر، لایەنە سیاسییەکان و جەماوەری شارەکە هەڵوێستی جیاوازیان لە هەمبەر کودەتای 8ی شوباتدا هەبوو. جیاوازی هەڵوێستی سیاسی لە بەرامبەر کودەتاکە لەنێوان حزبی شیوعی عێراق، کە بەتوندی دژایەتی دەکرد، لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، کە پشتگیری ڕووخانی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسمی دەکرد، هۆکارێك بوو بۆ دابەشبوونی هەڵوێستی دانیشتوانی شارەکە لە کودەتاکە (قادر، 2018 :238). بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زۆرینەیان دژی کودەتاکە بوون. ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی و بەشێك لە جەماوەری هاوسۆزی عەبدولکەریم قاسم، لەدژی کودەتاکە ڕژانە سەر شەقامەکان. تەنانەت هەندێك لەوانە بۆ بەرپەرچدانەوەی کودەتاکە لە هەوڵێکدا بۆ دەستگرتن بەسەریاندا بە چەکەوە هێرشیان کردە سەر بنکە و بارەگاکانی پۆلیس، بەتایبەتی لە گەڕەکی سەیداوە، کە وەك بنکەیەکی جەماوەری حزبی شیوعی ناسرابوو، بەڵام هەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبوو و ژمارەیەك کەسیشیان لێ دەستگیرکرا. بەم شێوەیەش هەولێر لەپاڵ شارەکانی دیکەی وەك بەغدا و بەسرە، هەوڵێکی بەرگری لەدژی کودەتاکە نیشاندا (خۆشناو، 2016 :333).

شاری هەولێر یەکێك بوو لەو شارانەی، کە ئەشکەنجە و ناڕەحەتییەکی زۆری بەدەست حەرەس قەومییەکانەوە بینی و سەرچاوەی سەرەکی تێکچوونی بارودۆخی سیاسی شارەکە بوون. سەرباری دەستگیرکردنی دەیان کەس لە هاوڵاتی ئاسایی و ئەندام و لایەنگرانی حزبەکان، وەك لە دواتردا

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باسی لێوەدەکرێت. چەندین کەسی دیکەش بەناڕەوا لە سێدارە دران، بەتایبەتی ئەندامانی حزبی شیوعی (بڕوانە: قادر، 2018، ص238؛ خۆشناو، 2016 :99-103). جگە لەشارەکە، قەزا و ناوچەکانی دیکەی دەوروبەری هەولێریش کەوتنە بەر شاڵاوی وێرانکاری و کوشتن و گرتنی حەرەس قەومییەکان. لەمانگی ئاداردا (9) گوندی سەر بە قەزای مەخموور و لەمانگی حوزەیرانیشدا (32) گوندی ناوچەی (کەندیناوە)ی دەشتی هەولێر لەلایەن حەرەس قەومییەکانەوە سوتێندران (قفطان، 2004 :235؛ سمايل، 2004 :181). هەروەها نزیکەی (300) کەسیش دەستگیرکران (نادر، 2001: 37-38). ئەمە جگە لەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی و مەڕوماڵاتیشیان تاڵانکران و جووتیارەکانیش لە ناوچەکانی خۆیان ڕاگوێزران. بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی فەرمی موتەسەڕیفییەتی هەولێر لە 30 ئەیلوولی 1963 دا بڕی (225) تەن و (790) کیلۆ گەنم لەو گوندانە دەستی بەسەرداگیراوە، کە لەلایەن حەرەس قەومییەکانەوە سووتێندراون (متصرفية اربيل، 19/10/ 1966: 1-4). لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا ئاماژە بە دەستبەسەرداگرتنی (330) هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی و ڕاگواستنی (1362) جووتیار و (352) موڵکداری گوندەکانی کەندیناوە دەکات (مديرية الاصلاح الزراعي في لواء اربيل, 12/10/ 1966).

## 1- هەڵمەتی ڕەشبگیری حەرەس قەومییەکان بۆ سەر ئەندام و لایەنگرانی حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان

حزبی شیوعی عێراق لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، یەکێک بوو لە پڕجەماوەرترین حزبەکانی نێو پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا. ئەندام و لایەنگرانی بەشێوەیەکی بەرچاو لە زۆربەی ناوچەکانی عێراق ڕوو لە زیابوون بوو. ئەمەش بە ڕوونی لە کوردستانیش ڕەنگی دابووەوە، بەڵام لە دوای کودەتای شوباتی ١٩٦٣ و دەسەڵاتی (حەرەس قومییەکان)، ئەو حزبە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە قەدەغە بوو. هەر لە سەرەتای کودەتاکەدا حزبی شیوعی لە بەیاننامەیەکدا داوای لە خەڵك کرد چەك هەڵبگرن و لەدژی کودەتاکە بوەستنەوە (محمد، 2006: 80). پاشان بەپێی بەیاننامەی ژمارە ١٣ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ١٩٦٣، کووشتن و خوێنی شیوعییەکان لە هەموو شوێنێک ڕێگەی پێدرا ( البارزاني، ج3، ٢٠٠٢ :٨٧-٨٨). بۆیە سەرکردە و ئەندام و لایەنگرانیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دووچاری هەڵمەتێکی فراوانی دەستگیرکردن، ڕاوەدوونان و لە سێدارەدان بوونەوە، لە هەولێریش ئەندام و لایەنگرانیان لەو هەڵمەتە بەدەرنەبوون.

لە بەڵگەنامە فەرمییە حکومییەکاندا ئاماژە بە چەندین حاڵەتی دەستگیرکردنی ئەندامان و لایەنگرانی هەردوو حزبەکە کراوە. ناجی سامەڕائی، لێکۆڵەری ئەمنی هەولێر لە نووسراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، لە 13/3/ 1963دا، کەسێك بەناوی عەبدولخالق عەبدولقادر بە تۆمەتی شیوعی بوون دەستگیرکراوە، کە ئەندامێکی چالاك و مەترسیداری حزبەکە بووە و لێکۆڵینەوەکانیش لەگەڵیدا بەردەوامن (محقق امن اربیل، 13/3/ 1963). هەروەها سامەڕائی لە 1/4/ 1963 لە نووسراوێکی دیکە بەناوی هەواڵی زانیاریی سەرەتایی باس لەوەدەکات لەسەر بنەمای هەواڵەکان و وتەی گەواهیدانی فوئاد پەریخان، لەدژی هەریەک لە (عوسمان ئەحمەد خورشید محەممەد خزر، سەرۆکی پێشووی تەندروستی، دکتۆر خزر فندتلی، دکتۆر تەحسین نادر، دکتۆر هاشم دۆغرەمەچی، عادل گەسگوس و پەرستار نافعە عەبدولئەحەد، سەبیحە عزەت) ئەمانە شیوعین، دادوەریی لێکۆڵینەوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرکردوون (محقق امن اربیل، 1/4/ 1963).

ئەو هەڵمەتە تەنیا کوردە شیوعییەکانی نەگرتووەتەوە، بەڵکو پێکهاتەکانی دیکەی هەولێریش بە تۆمەتی شیوعی بوون دەستگیرکراون، بۆ نموونە خالید ئەمین، معاونییەی ئەمنی هەولێر، لە 18/8/ 1963 نووسراوێکی نهێنی بۆ (بەدەردین عەلی)[2] ی موتەسەڕیفی هەولێر کردووە، هێمای بۆ ئەوە کردووە، دەنحا ساکا لە ڕێکخستنە شیوعییە مەترسیدارەکانە، بۆیە بە ڕەچاوکردنی ئەو دۆخەی ئێستا و هەڵوێستی شیوعییەکان، کە ئەو بە "بەکرێگیراو" ناوی بردووە، حاکمی سەربازی ناوچەی باکوور لە نووسراوی 19/8/ 1963 بڕیاری دەستگیرکردنی داوە و دەستگیرکراوە (معاونية امن اربيل، 18/8/ 1963).

[2] عەقید بەدرەدین عەلی، لە نیسانی 1961 وەك دووەمین موتەسەڕیفی هەولێر لەسەردەمی کۆماریدا دانرا. پێشتر قایمقامی ڕەواندز بووە، بۆیە شارەزایی لە ناوچەکەدا هەبووە. بۆ ماوەی سێ ساڵ تا (نیسانی 1964) لە هەولێردا مایەوە، کە ئەو ماوەیە سەردەمێکی پڕ لە توندوتیژی و سەرکوتکردن بووە لە هەولێر، تەنانەت هێشتنەوەشی لە پۆستی موتەسەڕیفی هەولێر لەدوای کودەتای 8ی شوباتی 1963، بەهۆی سیاسەتە توندڕەوییەکەی بوو بەرامبەر بە کورد. لە ساڵی 1965 دا کوژراوە (خۆشناو، 2016: 28).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەندێک کات ئەو کەسانەی کە بەتۆمەتی شیوعی بوون دەستگیردەکران، دوای لێکۆڵینەوە هیچ تۆمەتێکیان بەسەردا ساغ نەبووەتەوە، بۆیە دوای بینە و بەردەیەکی زۆر ئەوسا ئازادکراون. بەتۆمەتی ئەندامبوون و لایەنگری بۆ حزبی شیوعی، عەبدولخالق عەبدولقادر، کە دەستگیرکرابوو، دوای ئەنجامی لێکۆلێنەوە دەرکەوتووە هیچ بەڵگەیەکی بەسەردا ساخ نەبووەتەوە، بۆیە دەستەی لێکۆڵینەوەی هەولێر نووسراوی بۆ حاکمی سەربازی کردووە، بەهۆی نەبوونی بەڵگەی پێویست پێشنیازی ئازادکردنی کردووە (الهيئة التحقيقة في اربيل، رقم: ٦٤- ١٩٦٣).

هەروەها بەشێک لەو شیوعییانەی کە خەڵکی ناوچەکانی دیکە بوونە بە هەر هۆکارێک لە هەولێر بوونە، دوای دەستگیرکردنیان ڕادەستی شارەکانیان کراونەتەوە. لەوانە خالید ئەمین، معاونییەی ئاسایشی هەولێر لە 14/8/ 1963 نووسراوێکی نهێنی بۆ بەڕێوەبەری ئەمنی لیوای موسڵ کردووە لەبارەی گەڕاندنەوە و ڕادەستکردنەوەی دەستگیرکراوێکی حزبی شیوعی بۆ موسڵ، لە نووسراوەکەدا ئاماژە بەوەکراوە، عادل جەمیل، کە یەکێک لە شیوعییەکانی موسڵ لە هەولێرە، بۆیە دۆسیەکەیان خستووەتە بەردەم دادوەریی لێکۆڵینەوە، کە دادوەر بڕیاری ڕەوانەکردنی دۆسیەی لێکۆڵینەوەی داوە، ترسیان لەوە هەیە، کە گومانلێکراوی کۆمەڵکوژی موسڵ بێت، بۆیە پەڕاوی لێکۆڵینەوەکەی ڕەوانەی موسڵ دەکەنەوە، داواش دەکەن لە کاتی بەدەستگەیشتن ئاگاداریان بکەنەوە (معاونية امن اربيل، 14/8/ 1963). مەبەست لە کۆمەڵکوژیی موسڵ، سەرکوتکردنی بزووتنەوەی (عەبدولوەهاب شەواف)3ە، کە وەک ئەفسەرێکی ناسیۆنالیست لەساڵی ١٩٥٩ لە موسڵ سەرۆکایەتی بزووتنەوەیەکی کرد، بەڵام شکستیخوارد و سەری تیاچوو.

سەبارەت بە (پارتی دیموکراتی کوردستان)یش، وەک پارتێکی سیاسی شۆڕشگێڕی کوردستان، یەکێکی دیکە لەو پارتە سیاسییە مۆڵەت پێدراوانەبوو، کە لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراقدا کاریکردووە، بەڵام دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی شۆڕش و دەسەڵاتدارانی بەعسییەکان بەهەمان شێوە ئەندام و لایەنگرانیان دووچاری ڕەشبگیری و چالاکییەکانیان قەدەغەکراوە.

---

[3] عەبدولوەهاب شەواف (1916-1959)، ئەفسەرێکی سەربازی بوو، لە 8ی ئاداری 1959 فەرمانده‌ی حامییەی موسڵ بوو، سەرۆکایەتی بزووتنەوەیەکی کرد لە دژی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم لە موسڵ، بەڵام بە توندی بەرپەرچدرایەوە و کوژرا، بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەو بزووتنەوەیە بڕوانە: (البوتاني، 2008: 207-220).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەو چوارچێوەیەدا ئەندامان و لایەنگرانی پارتی هاوشێوەی ئەندامان و لایەنگرانی حزبی شیوعی ڕووبەڕووی ئەو هەڵمەتە ڕەشبگیرییە بوونەتەوە. بۆ نموونە زەعیم ڕوکن (سعيد فتحي الصقلي)4ی حاکمی گشتی سەربازی ناوچەی باکوور لە 8/6/ 1963 نووسراوی بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر کردووە، تێیدا ئاماژەی بەوەکردووە، لەبەر بەرژوەندی گشتی و ئەو دۆخە تایبەتە، بڕیاری دەستگیرکردنی ئەو کەسانەیان داوە، کە لە ئەندامان و لایەنگرانی پارتین: (حوسێن محەممەد، عەباس یاسین، حەمەد مەولود، قادر شێخو، سەعدوڵلا کەریم، مەجید جەرجیس، مەولوود محەممەدئەمین، عەبدولرەزاق ئەحمەد، حەسەن خزر، محەممەد ساڵح حەمۆ، سلێمان حاجی شەریف، عوسمان محەممەد شەریف، محەممەدئەمین شێخ محەممەد، یاسین حەمەد). داوا دەکەن بەباشی وردبینی لە دۆسییەکانیان بکەن (مقر الحاكم العسكري العام للمنطقة الشمالية، 8/6/ 1963).

(بەدرەدین عەلی) موتەسەریفی هەولێر لە 8/12/ 1963 نووسراوێکی نهێنی بۆ حاکمی سەربازی گشتی ناوچەی باکوور کردووە، تێیدا ئاماژەی بەوە کردووە، حەرەس قەومییەکان کەسێکیان بەناوی (جبرائیل ئیسماعیل) دەستگیرکردووە بە گومانی حزبی بوون، کە مەبەست لێی ئەندامی پارتییە، دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ معاونییەی ئەمنی هەولێر دەرکەوت، کە هیچ شتێکی لەسەر تۆمار نەکراوە، خێزانەکەی ٨ کەسن، بەزەیی بە ئەندامانی خێزانەکەی بێتەوە و داوادەکەن بە کەفالەت ئازاد بکرێت (متصرفية لواء اربيل، 8/12/ 1963).

(خالید ئەمین)، معاونییەی ئەمنی هەولێر لە 8/13/ 1963 نووسراوی بۆ موتەسەڕیفی لیوای هەولێر کردووە، لەبارەی بەدواداچوون بۆ دووکەس، (فەقێ سەعید، حاجی حوسێن)، کە ئەو بەدوو ئەندامی مەترسیداری پارتی ناوی بردوون. بەڵام لەبارەی (جەمیل حەمەد ئیسماعیل) هیچ شتێکی لە دژی دەست نەکەوتووە، کە خەڵکی گوندی (ماجیداوە)ی سەر بە ناحیەی (گوێڕ) بووە (معاونية امن

4 لە 30/5/ 1963 بە مەرسوومێک لیواکانی موسڵ، هەولێر، کەرکووک و سلێمانی کرانە یەک ناوچەی عورفی و زەعیم روکن سەعید فەتحی ئەلسقلی کرایە حاکمی گشتی سەربازی ناوچەی باکوور لە بری زەعیم روکن عەبدلکەریم فەرحان و زەعیم روکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساریی، دەقەکەشی لە ڕۆژنامەی وەقائعی عێراقی ژمارە820 لە 22/6/ 1963 دا بڵاوکرایەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

اربيل، 13/ 8/ 1963). معاونییەی ئەمنی هەولێر لە نووسراوێکی دیکەدا لە 18/ 8/ 1963 دا بۆ موتەسەڕیفی لیوای هەولێر ئاماژەی بە دەستگیرکردنی هەریەک لە سەعید یونس و حەسەن یونس بە تۆمەتی پارتی بوون کردووە، ئەمەش وەک جێبەجێکردنی بروسکەی فیرقەی دوو لە 6/8/ 1963 (معاونية امن اربيل، 18/ 8/ 1963).

بەدرەدین عەلی، موتەسەڕیفی هەولێر لە 17/ 8/ 1963 نووسراوێکی نهێنی بۆ حاکمی سەربازی گشتی ناوچەی باکوور کردووە، تێیدا ئاماژەی بەوەکردووە دادوەریی لێکۆڵینەوەی هەولیر بڕیاریداوە بە ئازادکردنی ڕاگیراو محەممەد شریفوڵڵا، کە برای "خیانەتکار" سەدرەین شەریفوڵڵایە، نێوبراو ماتۆڕسیکلێکی فەرمانگەی ئەمنی هەولێری بردووە و پەیوەندی بە "خیانەتکاران"ەوە کردووە، ئەو کەسێکی ترسناکە و داوا دەکەن ئازاد نەکرێت و هەر لای ئەوان بمێنێتەوە (متصرفية لواء اربيل، 17/ 8/ 1963). هەر موتەسەڕیفی هەولێر نووسراوی بۆ حاکمی گشتی سەربازی ناوچەی باکوور کردووە و تێیدا داوای ئازادکردنی دوو ڕاگیراو دەکات، کە بریتین لە (جەبار قادر ساڵح و محەممەد قادر ساڵح)، ئەمانە خەڵکی گوندی سوولاوکی سەر بە ناحیەی (سەڵاحەددین)ن و تۆمەتیان ئاراستە کراوە، لەکاتێکدا ئەوانە سەر بە عوسمان بەگی میران بەگ-ن، کە لایەنگری حکومەتە. ئەوانە زێدی ڕەسەنی خۆیان لە گوندی سولاک بەجێهێشتووە بەهۆی پەلاماری یاخیبووان و دزین و سووتاندنی موڵک و ماڵیان، بۆیە هاتوونەتە گوندی (سێبیران)ی سەر بە ناوەندی قەزای هەولێر و لەوێ نیشتەجێ بوون، ئەمانە دۆسییەکانیان لە 30/ 5/ 1963 ڕەوانەی دەستەی لێکۆڵینەوەی هەولێر کراوە، بۆیە بەهۆی نەبوونی پەیوەندییان بەو بابەتە داوا دەکەن ڕەزامەندی بفەرموون بۆ ئازادکردنیان بە کەفالەت، کە لە هەولێر دەستبەسەرکراون (متصرفية لواء اربيل، 18/ 8/ 1963). (محەممەد فەوزی شەهاب)، بەڕێوەبەری پۆلیسی لیوای هەولێر، نووسراوی بۆ موتەسەریفی لیوای هەولێر کردووە، (مستەفا غەفوور مەلا)ی ئازاد کردووە (مديرية شرطة لواء اربيل، 13/ 8/ 1963).

زۆر جار لە کاتی هەڵکوتنە سەر ماڵان، خەڵک ڕووبەڕووی ئەو هێزانە بوونەتەوە، (خالید ئەمین)، معاونی ئەمنی هەولیر لە 29/ 7/ 1963 دا نووسراوی بۆ حاکمی سەربازی ناوچەی باکوور کردووە تێیدا ئاماژەی بەوە کردووە، هەریەک لە (محەممەد و جەبار کوڕانی کوێخا قادر ساڵح) لەگەڵ خەڵکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گوندی (سێبیران) تەقەیان لە هێزەکانی سوپا کردووە لەکاتی گەڕان و پشکنیندا (معاون امن اربیل، 29/7/ 1963).

هەر لەوماوەیەدا، دوای تێکچوونی دۆخەکە و دەستپێکردنەوەی شەڕ و پێکدادانەکان، دەرمان و کەرەستە پزیشکییەکان لە هەولێرەوە ڕەوانەی نێو شۆڕش کراون، هێزە ئەمنییەکانیش بەمەیان زانیوە و ڕێکاری ئەمنییان گرتووەتەبەر. لەوبارەوە (محەممەد فەوزی شەهاب)، بەڕێوەبەری پۆلیسی لیوای هەولێر لە 14/8/ 1963 دا نووسراوێکی نهێنی بۆ سەرجەم معاونەکانی پۆلیس کردووە، تێیدا نووسراوێکی فەرماندەیی فیرقەی دووی سوپای عێراقی لە 4/8/ 1963 بۆ ناردوون، کە ئاماژە بەوەکراوە دەرمان و کەرەستە پزیشکییەکان بە قاچاخ دەبرێن بۆ "یاخیبووان"، کە مەبەستەکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانە. لە نووسراوەکەدا جەخت لەوە کراوەتەوە پێویستە ڕێکاری توونـد بگرنەبەر لە دەرمانخانەکان و شوێنەکانی دیکە بۆ ڕێگریکردن لە بەقاچاخبردن، کە هاوکارێکی زۆر باش دەبێت لە کۆنترۆڵکردنی ئەو قاچاخ بردنە، پێوستە دەزگا ئەمنییەکان چاودێری دەرمانخانەکان بکەن (مديرية شرطة لواء اربيل، 14/8/ 1963).

بەم شێوەیەک ئەندام و لایەنگرانی حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕووبەڕووی تەنگ پێ هەڵچنینێکی زۆر بوونەتەوە، کە بەهۆیەوە بەشێکیان بۆ ڕزگاربوون شارەکەیان بەجێهێشتووە و کۆتاییان بە خەباتی نهێنی هێناوە و پەیوەندییان بە شۆڕش کردووە و چەکیان هەڵگرتووە، یاخود پەڕاگەندە و دەربەدەربوونە، تا ماوەیەک خۆیان لەبەرچاوی هێزە ئەمنییەکان ونکردووە.

## 2- دەستگیرکردنی جووتیار، کاسبکار، پیشەوەر و بازرگانان

ئەو هەڵمەت و پرۆسەی دەستگیرکردنە، بێ جیاوازی چین و توێژە جیاجیاکانی هەولێری گرتەوە، لەنێواندا خەڵکی زەحمەتکێش لە جووتیار، کاسبکار، پیشەوەر، هەروەها بازرگانان . لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتدا چەندین ئاماژە هەن بۆ دەستگیرکردنی ئەو چین و توێژە جیاوازنە. لەوانە (مەحمود ئیسماعیل)، کە پیشەی شوفێر بووە لە 1963/6/11 لە گەڕەکی سەرای قەڵای هەولێر بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ "یاخیبووان" دەستگیراوە. هاوکات (یاسین ئەحمەد) لە 1963/6/11 و سلێمان قادر حەوێز، کە بەهەمان شێوە شوفێر بووە لە 1963/10/23 دەستگیرکراوە (متصرفية

لواء اربيل, 11/20/ 1963). زاهیر مەعروف، كە پیشەی كوورتاندروو بووە لە 1963/7/13 دەستگیركراوە، بەبێ ئەوەی دەزگا ئەمنییەكان و پۆلیس هیچ زانیارییەك لە دژی كۆبكەنەوە (رئاسة لجنة دراسة احوال المحتجزين في اربيل ,12/24/ 1963). حوسێن سەید ئەحمەد، كە پیشەی نانەوا بووە، بە تۆمەتی لایەنگری حزبی شیوعی لە 6/5/ 1963 دەستگیركراوە (متصرفية لواء اربيل, 11/20/ 1963).

هەر لە درێژەی دەستگیركردنی ئەو چین و توێژانە، (خورشید قادر)، خەڵكی گەڕەكی عارەبان، لە كێڵگەیەكی سەوزە و میوە كاریكردووە، خاوەنی 7 سەر خێزان بووە، بە فەرمانی حاكمی گشتی سەربازی دەستگیركراوە، كە تاكە ئیشكەری ماڵەكەی بووە، بۆیە هاوژینەكەی لە 196/8/14، یاداشتێكی بۆ موتەسەڕیفی هەولێر بەرزكردووەتەوە، تێیدا داوای ئازادكردنی كردووە ( عريضة المستدعية شاني بنت عبدالرحمن الى متصرف اربيل، 8/14/ 1963).

هەروەها كارمەندێكی بەنزینخانە بەناوی (ئەنوەر مەجید) دەستگیركراوە، لەسەر ئەوەی بەنزینی بۆ ماتۆرسكیلێكی میری تێكردووە، دواتر كەسێک بەناوی سەدرەدینوڵڵا ماتۆڕەكەی بەرەو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هێزەكانی پێشمەرگە بردووە و ڕایكردووە، لەوبارەوە (خالید ئەمین)، معاونی ئەمنی هەولێر نووسراوی بۆ موتەسەڕیفی هەولێر كردووە، ئاماژەی بەوە داوە، دوای لێكۆڵینەوە دەركەوتووە ئەو ماتۆڕە بەنزینی پێویستی تێدانەبووە، بەڵام ئەو كارمەندەی بەنزینخانە بەنزینی بۆ تێكردووە، لەكاتێكدا پێشتر فەرمانی ئەوە دەرچووە، كە نابێت بەنزین بفرۆشرێت، تەنیا بەپێی بەڵگەنامەی فەرمی نەبێت، كە لایەنی پەیوەندار دەریدەكات (معاون امن اربيل، 1963/7/31).

(قادر حەمەد)، دانیشتووی گەڕەكی تەعجیل، خاوەنی 6 سەرخێزان، بەهەمان شێوە دەستگیركراوە. (سەبیحە ڕەسوڵ)ی هاوژینی لە یاداشتێكدا بۆ موتەسەڕیفی هەولێر باسی ئەوەی كردووە هیچ كەسێكی نییە بژێو و خەرجی ڕۆژانەیان بۆ دابین بكات، تەنانەت ماوەی سێ مانگە هاوژینەكەی دەستگیركراوە و نەیتوانیوە سەردانی بكات و ببینێت، بۆیە داوای ئازادكردنی كردووە (عريضة صبيحة بنت رسول الى متصرف اربيل، 7/28/ 1963). (عەبدولقادر عەبدولفەتاح) بەرگدروو، ناسراو بە (مامە فەتاح) خەیات، یەكێكی دیكە بووە لە كاسبكارە دەستگیركراوەكان، ڕەوانەی گرتووخانەی موسەیب كراوە. لەوبارەوە مەعسوم فەتاحی برای یاداشتێكی بۆ موتەسەڕیفی هەولێر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردووە، وێڕای دەربڕینی بێتاوانی براکەی جەخت لەوەدەکاتەوە، کە ئەندامی هیچ حزبێک نەبووە، بۆیە داوادەکات براکەی ئازاد بکرێت (عريضة معصوم فتاح الى متصرف اربيل، 31/7/ 1963).هەروەها (کەمال سەعید قەساب) لە 7/8/ 1963 دوای هەشت ڕۆژ لە دەستگیرکردن لە 1963/7/16 ئازادکراوە ( معاونية امن اربيل،1963/8/5). (یاسین ئەحمەد دارتاش) یش بەهەمان شێوە دەستگیرکراوە (معاون امن اربيل، 1963/7/28).

بەشێکی دیکەی دەستگیرکراوان، دوکاندار و کاسبکارانی بازاڕ بوونە. بەگوێرەی داواکارینامەیەکی (فائزه رجب والى بقال) لە 1963/8/24 بۆ موتەسەڕیفی هەولێر، (رجب والى بەقال)ی باوکی لە سەرەتای کودەتای 8ی شوباتەوە گیراوە. بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکی ئەنجام دابێت و چالاکی سیاسی هەبووبێت. لە داواکارینامەکەدا ئاماژەی بەوە کردووە ئەوان لە بنەماڵەیەکی هەژارن، لەدوای خوای گەورە، جگە لە باوکی هیچ کەسێکی تر نییە بیانژیێنێت و سەرپەرشتیان بکات، ئەمە لە کاتێکدا کە لە (9) سەر خێزان پێکهاتوون. (عريضة فائزة بنت رجب بن ولي بقال الى متصرف اربيل, 8/24/ 1963).

هەڵمەتەکە تەنیا تایبەت نەبووە بە چین و توێژە جیاجیاکانی نێو شاری هەولێر، بەڵکو دەوروبەریشی گرتووەتەوە. لەم چوارچێوەیەدا لە گوندی هەمزە کۆر، لە 11/4/ 1963 جوتیارێک بەناوی (عوسمان قادر یونس) دەستگیرکراوە (رئاسة لجنة دراسة احوال المحتجزين في اربيل ،12/24/ 1963). هەر لە درێژەی هەڵمەتەکانی ئەو دەستگیرکردنانەدا جووتیارێکی دیکە بەناوی (محەممەدئەمین عوسمان) لە شاری هەولێر بە تۆمەتی پارتی بوون دەستگیرکراوە (رئاسة لجنة دراسة احوال المحتجزين في اربيل ،12/24/ 1963).

هەروەها بەشێک لەو کوردانەی ڕیزەکانی سوپایان بەجێهێشت بوو، بەهەمان شێوە دەستگیرکراون، لەوانە (محەممەد عوسمان) لە 8/5/ 1963، کە پێشتر سەرباز بووە و دواتر هەڵاتووە، هەروەها (عەبدولواحید فەتاح) لە 1963/6/12 گیراوە، کە پلەی عەریف بووە (رئاسة لجنة دراسة احوال المحتجزين في اربيل ،12/24/ 1963). هەروەها کریستانێکی دانیشتووی عەنکاوە، بەناوی (یوسف عەبدولمەسیح)، کە نائیب عەریفی سەربازی بووە، چەند جارێک دەستگیرکراوە (عريضة يوسف عبد المسيح الى متصرف لواء اربيل, 1964/8/8).

(ئیسماعیل حەمەد قادر)، کە خەڵکی گوندی قۆریتان بووە، بەهۆی نەدانی موڵکانە بە حکومەت لە 1963/9/1 دەستگیرکراوە، دواتر بۆ شاری ناسرییە دوورخراوەتەوە و ١٠ مانگ سزای زیندانیکردنی بۆ دەرچووە ( قائممقامية قضاء مركز اربيل، 1964/6/6).

ئەوانەشی لە بەندیخانە دەردەچوون، زۆریان بە کەفالەت ئازاد دەکران، لەوانە (سەعید یونس)، کە یەکێک بووە لە بەڵێندەرەکانی هەولێر لە 1963/8/12، دوای دەستگیرکردن و ڕەوانەکردنی بۆ گرتووخانەی موسەیب لە پاشان بە کەفالەتی سێ سەد دینار ئازادکراوە. بۆیە دوای ئازادکردن ناوبراو داوای لە پارێزگاری هەولێر کردووە ئەو کەفالەتەی لەسەر هەڵبگرن ( عريضة المستدعي المقاول سعيد يونس الى متصرف اربيل، 1964/8/12).

**3- دەستگیرکردنی توێژی مامۆستا و فەرمانبەرانی دەزگا حکومییەکان**

هەڵمەتی ڕەشبگیری بەعسییەکان لە هەولێر، تەنیا تایبەت نەبوو بە توێژێکی دیاریکراو، بەڵکو زۆربەی چین و توێژە جیاجیاکانی ئەوشارەی گرتووەتەوە. لەوانەش فەرمانبەران و مامۆستایان، کە هەندێك لەوانە دوور و نزیك هیچ پەیوەندییەکیان بە چالاکی سیاسی و حزبییەوە نەبوو. تەنیا تۆمەتی دروستکردنی پشێوی و تێکدانی ئارامییان دراوەتە پاڵ. هەندێکی دیکەشیان تۆمەتی ئەندامێتی و چالاکی سیاسی لەنێو ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستانیان ئاراستەکراوە. لەم چوارچێوەیەشدا دوای کودەتای 8ی شوبات بە دەیان مامۆستا و فەرمانبەر لە فەرمانگە و قوتابخانەکاندا دەستگیرکران. لەم ڕووەشەوە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەت ئاماژەیان بەناوی چەندین کەس کردووە، کە لەو ماوەیەدا کەوتوونەتە بەر هەڵمەتی ڕەشبگیری.

(سلێمان شاکر عارف)، یەکێك بووە لەو مامۆستایانەی، کە ڕاستەوخۆ لە کاتی کودەتای 8ی شوبات بەتۆمەتی ئەندامێتی لە حزبی شیوعی لە هەولێر دەستگیرکراوە، نێوبراو لە قوتابخانەی ناوەندی زازا مامۆستا بووە. لە 1964 /4/16 دادگای سزای هەولێر بڕیاریداوە بە کەفالەتی (500) دینار ئازاد بکرێت، کە بەو پێیە بەڵێن بدات پارێزگاری لە ئاسایش و سەقامگیری گشتی بکات و بێ بەریبوونی خۆی لە حزبی شیوعی ڕابگەیەنێت، بەڵام نێوبراو ئەمەی ڕەتکردووەتەوە (مديرية امن لواء اربيل, 1963 /4/18). بۆیە لە 1964 /4/30 حاکمی گشتی سەربازی ناوچەی باکوور بڕیاری داوە ئازاد نەکرێت و تا کاتێکی دیکە لە بەندیخانەدا بمێنێتەوە (مديرية شرطة لواء اربيل, 1964 /5/6). (ئەنور

حەمەد عەزیز) مامۆستایەکی دیکەی هەولێر بووە، کە دوای کودەتاکە گیراوە. لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر تۆمەتی ئەندامبوونی لە ڕیزەکانی پارتی دراوەتە پاڵ، کە زانیاری لە شاری هەولێر بۆ ئەو حزبە گواستووەتەوە (لجنة دراسة احوال الموقوفين والمحتجزين في اربيل, 1963 /10/19, ص3). یەکێکی دیکە لە مامۆستا دەستگیرکراوەکان (لاوکو فەقێ عەبدوڵلا) بوو. نێوبراو لە 6/18/ 1963 لە شاری هەولێر گیراوە و مامۆستای قوتابخانەی دیبەگە بووە. لە داواکارینامەیەکیدا لە 1963/7/28 دا بۆ (بەدرەدین عەلی)ی موتەسەڕیفی هەولێر ئاماژەی بەوە داوە، ماوەی 40 ڕۆژە بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکی ئەنجام دابێت و پەیوەندی بە هیچ لایەنێکی سیاسییەوە هەبووبێت دەستگیرکراوە. خاوەن خێزان و منداڵ بووە و ژیانیان لە دۆخێکی خراپدا بووە (عريضة لاوكو فقى عبدالله الى متصرف اربيل, 7/28/ 1963).

(جەلال بەهائەدین داود) مامۆستایەکی دیکە بوو، کە لە مانگی ئابی 1963دا بە تۆمەتی ئەندامبوون لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی دەستگیرکراوە. نێوبراو مامۆستا بووە لە قوتابخانەی گەڕەکی قەڵاتی شاری هەولێر و دانیشتووی ئەوێش بووە. براکەی بەناوی (هۆشیار بەهائەدین) لە 3/12/ 1964 دا داواکارینامەیەکی بۆ موتەسەڕیفی هەولێر (بەدرەدین عەلی) ناردووە و تیایدا هاتووە" بۆ ماوەی زیاتر لە حەفت مانگە براکەم لە گرتووخانەی هەولێر بەندکراوە. لە فەرمانگەی ئەمنیش بێ بەریبوونی خۆی لە ئەندامبوونی هەموو حزبەسیاسییەکان نووسیوە، بەڵام تاوەکو ئێستا لە بەندیخانەیە. ئەمە لەکاتێکدا ئەو تاکە کەسێکە، کە سەرپەرشتیمان دەکات و ئێمەش لە 10 سەر خێزان پێکهاتووین، بۆیە داواکارم بەزەییتان پێمان دابێتەوە و ئازادی بکەن" (عريضة المستدعي هوشيار بهاء الدين الى متصرف اربيل، 3/12/ 1964).

لە هەندێك کاتدا مامۆستایان تەنیا بەهۆی خوێندنەوەی سرووودێکەوە دەستگیرکراون. ئەوەتا بەگوێرەی نووسراوێکی (لێژنەی لێکۆڵینەوەی بارودۆخی بەندکراوان لە هەولێر) لە 15ی ئەیلوولی 1963، مامۆستا (سامی عەبدولقادر) لە 7/30/ 1963 لەلایەن حەرەس قەومییەکانەوە لە هەولێر گیراوە، ئەمەش بەهۆی خوێندنەوەی سرووودێکی کوردی لە قوتابخانە، کە قەدەغەکراو بووە (لجنة دراسة احوال المحجوزين في اربيل، 9/15/ 1963، ص7). بەشێکی دیکەی ئەو مامۆستایانەی، کە دەستگیرکراون، هیچ تۆمەتێکیان نەدراوەتە پاڵ و تەنانەت دەزگا ئەمنییەکانیش نەیانزانیوە هۆکاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرتنەکەیان چی بووە. بۆ نموونە مامۆستا (مستەفا غەفور مەلا) لە 7/22/ 1963 لە هەولێر گیراوە، بەبێ ئەوەی هۆکاری گرتنەکەی ڕوون بکرێتەوە، بۆیە دواتر لە 8/4/ 1963 ئازادکراوە (مقر الحاكم العسكري العام للمنطقة الشمالية, 8/4/ 1963). هەروەها مامۆستا (عەبدولئیلاە سەبری) دوای ئەوەی لە 1963/8/6 دەستگیراوە، لە پەڕاوی لێکۆڵینەوەکەیدا ئاماژە بەوەکراوە، ناوبراو هیچ تاوانێکی ئاراستە نەکراوە و هۆکاری گرتنەکەی نازانرێت (لجنة دراسة احوال المحجوزين في اربيل، 9/15/ 1963: 8).

جگە لەمانەی سەرەوە، ناوی چەندین مامۆستای دیکەی زیندانی لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتدا هاتووە. لەوانەش: (حەننا عەزۆ) لە 4/29 لە عەنکاوە گیراوە (رئاسة لجنة دراسة احوال المحتجزين في اربيل, 12/24/ 1963: 5). هەروەها بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی زازا (صديق عبدالقادر) لە 6/8 دا گیراوە. مامۆستا (بورهانەدین نەجمەدین) لە 6/16 دا لە شاری هەولێر لەلایەن حەرەس قەومییەکانەوە گیراوە (لجنة دراسة احوال الموقوفين والمحتجزين في اربيل, 10/19/ 1963: 1). هەروەها مامۆستا (کەمال ئەحمەد مەدحەت) لە 6/27 دا لە هەولێر گیراوە و دواتر ڕەوانەی گرتووخانەی کەرکوك کراوە (متصرفية لواء اربيل,11/20/ 1963: 1). مامۆستا (نورەدین ئیبراهیم خەلیفە) لە 9/26 دا گیراوە (رئاسة لجنة دراسة احوال المحجوزين فى اربيل, 9/30/ 1963: 9). (تاهیر بەکر)یش مامۆستایەکی دیکە بووە لە 11/16/ 1963 دا لە هەولێر گیراوە (رئاسة لجنة دراسة احوال المحتجزين فى اربيل, 12/24/ 1963: 10-11).

سەبارەت بە فەرمانبەران، لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا ناوی چەندین کەس هاتووە، کە بە تۆمەتی جیاجیا دەستگیرکراون. بۆ نموونە (جۆرج پوترس)ی فەرمانبەری چاکسازی کشتوکاڵی هەولێر بووە، بەگوێرەی نووسراوێکی ئەمنی هەولێر نێوبراو یەکێك بووە لە شیوعییە کۆنەکان و هەر لەساڵی (1948)ەوە بۆچوونی چەپگەرانەی هەبووە، ڕۆژێك دوای کودەتاکە لە 9ی شوباتدا گیراوە و لە 9ی نیساندا بە کەفالەتی 200 دینار ئازادکراوە (متصرفية لواء اربيل,11/20/ 1963: 6). هەروەها (عەبدولخالق محەمەدئەمین)، کە لە پۆستەی هەولێر فەرمانبەر بووە، لە 29ی نیساندا بەتۆمەتی ئەندامێتی لە ڕیزی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی و ئەنجامدانی چالاکی لەناو فەرمانگەکە دەستگیرکراوە (رئاسة لجنة دراسة احوال المحتجزين في اربيل, 12/24/ 1963, ص5).

فەرمانبەرێکی دیکە، کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێر بووە، بەناوی (جەوهەر حاجی بەکر تەها) لە 10ی حوزەیراندا لە شاری هەولێر دەستگیرکراوە. (حاجی بەکر تەها)ی باوکی لە 10ی ئەیلوولدا داواکارینامەیەکی بۆ موتەسەڕیفی هەولێر نووسیوە، تیایدا ڕایگەیاندووە کوڕەکەیان سێ مانگە گیراوە و پەیوەندی بە هیچ حزب و لایەنێکەوە نییە. ڕەوانەی گرتووخانەی موسەیب کراوە، بارودۆخی ئابوورییان زۆرخراپ بووە، چونکە ئەو تاکە سەرچاوەی بژێوی ژیانیانە (عریضة الحاج بكر طه الى متصرف اربيل, 10/9/ 1963). (محەمەد حاجی) فەرمانبەرێکی دیکە بوو، لە 30ی حوزەیراندا گیراوە، کە کارگوزاری قوتابخانە بووە (رئاسة لجنة دراسة احوال المحجوزين فى اربيل, 20/10/ 1963, ص3).

لە درێژەی هەڵمەتی ڕەشبگیری بەعسییەکان لە شاری هەولێر، فەرمانبەرێکی سەر بە هێڵی ئاسنینی هەولێر/ فەرمانگەی ئەندازیاری بەناوی (نورەدین عومەر)، کە دانیشتووی گەڕەکی (تەعجیل) بووە. لە 15ی حوزەیرانی 1963 دا لەلایەن حەرەس قەومییەکانەوە بە تۆمەتی لایەنگری پارتی دەستگیرکراوە. دواتر لە 15ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا بە کەفالەتی (300) دینار ئازادکراوە. لە ڕۆژی دەستگیرکردنییەوە لە کارەکەی دوورخراوەتەوە و فەسڵکراوە، بۆیە لە داواکارینامەیەکدا بۆ موتەسەڕیفی هەولێر لە 26ی نیسانی 1964 دا داوای گەڕاندنەوەی سەر کارەکەی کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە، ماوەی چواردە ساڵ خزمەتی لەو فەرمانگەیەدا هەبووە و تاکە سەرچاوەی بژێوی ژیانی ئەوە. دواتر لە 5ی ئایاری 1964دا گەڕێندراوتەوە سەر کارەکەی (عريضة نورالدين عمر الى متصرف لواء اربيل, 26/4/ 1964؛ متصرفية لواء اربيل, 5/5/ 1964).

فەرمانبەرێکی دیکە بەناوی (قادر قەرەنی) ی دانیشتووی گەڕەکی (خانەقا)، کە فەرمانبەری شارەوانی هەولێر بووە بە تۆمەتی ئەندامبوون لە حزبی شیوعی لە 1ی تەمموزی 1963 دا دەستگیرکراوە و حوکمی یەك ساڵ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێندراوە. دواتر لە 7ی ئاداری 1964 بۆ گرتووخانەی (بەعقوبە) گواستراوەتەوە. لە 1ی تەمموزی 1964 ماوەی حوکمەکەی تەواوکردووە و بێ بەریبوونی خۆی لە حزبی شیوعی نووسیوە. بەڵام تا 18ی تەمموزی 1964 هەر لە بەندیخانەدا ماوەتەوە و ئازاد نەکراوە (عريضة المستدعية امنة حمد زوجة قادر قرني الى متصرف لواء اربيل, 22/6/ 1964؛ مديرية امن لواء اربيل, 7/7/ 1964؛ متصرفية لواء اربيل, 18/7/ 1964). هەروەها

لە 4ی تەمموزی 1963 دا (غازی عەبدوڵلا ئیسماعیل نانەکەلی)، کە نووسەر بووە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کشتوکاڵی لیوای هەولێر، دەستگیرکراوە و لە هەمان رۆژدا لە کارەکەی فەسڵکراوە (وزارة الاصلاح الزراعي, 28/7/ 1963). یەکێکی دیکە لە فەرمانبەرە دەستگیرکراوەکان (ئیسماعیل ئەحمەد قەرەنی) بوو، کە لە قوتابخانەی ناوەندی هەولێر نووسەر بووە و لە 13/11/ 1963 دا گیراوە، بەبێ ئەوەی لە ئەمن و پۆلیس هیچ شتێکی لەدژ هەبووبێت (رئاسة لجنة دراسة احوال المحتجزين في اربيل، 24/12/ 1963, ص8).

**4- هەڵمەتی ڕەشبگیری ژن، منداڵ، پیر و پەککەوتەکان**

لە هەڵمەتی ڕەشبگیری بەعسییەکاندا بە دەیان ژن و منداڵ و کەسانی بەتەمەن و پەککەوتە دەستگیرکراون، کە ئەمەش پێچەوانەی هەموو یاسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بووە. هەرچەندە لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا ناوی ژنانی دەستگیرکراو نەهاتووە، بەڵام لە سەرچاوەکاندا ئاماژە بەناوی هەندێك لە ژنە دەستگیرکراوەکان کراوە. بەگوێرەی هاوچەرخانی ئەو سەردەمە لە هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی حەرەس قەومییەکان بۆ سەر قوتابخانەی (هەولێری کچان) هەریەك لە مامۆستا (حەمدیە سابیر، ئەستێرە سەعید، جەلالەت نوورەدین، بەسێ سابیر) دەستگیرکران و لە نهۆمی سەرەوەی قوتابخانەی (وەتەن)، لەسەر شەقامی سوڵتان مزەفەر بەندکراون. لە هەڵمەتێکی دیکەی حەرەس قەومییەکان لە شەوی13/12ی حوزەیرانی 1963 بۆ سەر ئەو خێزانە بارزانییانەی، کە یاوەری مستەفا بارزانی (1903-1979) بوون و لە یەکێتی سۆڤییەت گەڕابوونەوە و لە گەڕەکی (ئیسکان) نیشتەجێبوون، (22) ژن و (62) منداڵیان دەستگیرکرد (بڕوانە: خۆشناو، 2016: 97-100).

دوای کودەتای 8ی شوبات ژمارەیەکی زۆر منداڵ لە هەولێر دەستگیرکران. لە لیستێکی لێژنەی لێکۆڵینەوەی بارودۆخی دەستگیرکراوەکان لە هەولێر لە 7ی ئەیلوولدا، ناوی (58) قوتابی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی هاتووە، کە تەمەنیان لە خوار (15) ساڵی بووە و لە هەولێر دەستگیرکراون، ئەوانیش بریتین لە: (سالم یەعقوب، پیرداود عەزیز تەها، فرەنسیس یەلدا، مەهدی ڕەشید ئیبراهیم، جۆرج هورمز، نامیق میکائیل، دڵشاد سەلیم عومەر، جەوهەر تەها مستەفا, کاکل شێخ محەمەد, عەباس ڕەسول, ئیبراهیم محەمەد, حەبیب ئیسحاق حەننا, ئیشا موش ئیلیا, ئەنیس هورمز ئەلیاس,

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عەبدولقادر حاجی ئەمین، ئیسحاق ئیشۆ، خالید عەبدوڵڵا، موحسین محەمەدئەمین، حەبیب یوسف، ئەحمد مەولود عەبدوڵڵا، جەبار عەزۆ، ئیلیا شەمعون، زیاد محەمەد شەریف، سمکۆ ئیبراهیم، عادل محەمەد عەبدوڵڵا، سمکۆ کەریم، خالید مەلا ئەحمد، وەفاء مەلا ڕەشید، سەدرەدین نەجمەدین، محەمەد مەولود، مەجید قادر، سەیفەدین محمود ئیسماعیل، عادل فەتاح، مومتاز حەسەن، هادی محەمەد نەجیب، سامی ئەحمد، ئیسماعیل یونس، حوسام داود، ئەدیب شێخ حەسەن، فوئاد محەمەد قادر, مورسل حەسەن مورسل, ئەنور سلێمان سورچی, حەننا یەلدا, حەسەن ئەحمەد, یاسین عەزیز, مرقس پوترِس مرقس, شابو عودە شەمعون, حەننا یونس عیسا, گۆرگیس پوترِس مرقس, سولا ماهیر, حەننا گۆرگیس, تەلعەت ڕەشید, حەسەن بەکر ئەحمەد, سەید ئەحمەد سەید قادر شەریف) (لجنة دراسة احوال المحتجزين في اربيل, 7/9/ 1963: 2-9). تێبینی دەکرێت بەشێکی بەرچاو لەو منداڵە دەستگیرکراوانە لە پێکهاتەی کریستیان بوون و دانیشتووی عەنکاوە بوون. تەنانەت لەکاتی ئازادکردنی منداڵانیش دەبوو بە کەفالەت ئازاد بکرێت. بۆ نموونە بەگوێرەی نووسراوێکی حاکمی گشتی سەربازی ناوچەی باکوور زەعیم ڕوکن (سعید فتحی الصقلی) لە 8ی ئەیلوولی 1963 دا (33) کەس لە بەندکراوانی هەولێر بە کەفالەتی (300) دینار ئازادکراون، کە (16) کەسیان قوتابی قوتابخانە بوون، ئەوانیش بریتی بوون لە: (کەنعان عەلی، تەها خورشید, وەهاب سدیق, ئیسحاق سلێمان, جەمال سەدرەدین, ئەحمەد ڕەسول, عەبدولمەسیح فرِەنسیس, یەکتا محەمەد نەجیب, جەمال حاجی ساڵح, فوئاد نەجم, سابیر محەمەدئەمین, محەمەد عەبدوڵڵا, عومەر ئیسماعیل, شەفیق تاهیر, ئازاد محەمەد نەجیب, سەڵاح عەبدوڵڵا). (مقر الحاكم العسكرى العام للمنطقة الشمالية, 8/9/ 1963).

جگە لە ژن و منداڵ، ناوی چەندین پیر و پەککەوتە لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتدا هاتووە، کە لە هەولێر دەستگیرکراون. بۆ نموونە (سەعید محەمەدئەمین)، کە تەمەنی لە سەرووی حەفتا ساڵ بووە، لە 15/6/ 1963 لەلایەن حەرەس قەومییەکانەوە دەستگیرکراوە (رئاسة لجنة دراسة احوال المحتجزين في اربيل, 24/12/ 1963، ص4). هەروەها لە لیستێکی لێژنەی لێکۆڵینەوەی بارودۆخی دەستگیرکراوەکان لە هەولێر لە 7ی ئەیلوولدا ئاماژە بە ناوی (7) کەسی بەتەمەن و پەککەوتە کراوە، کە لە 18ی حوزەیراندا لەلایەن حەرەس قەومییەکانەوە دەستگیرکراون، کە بریتین لەمانە: (کەریم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەحمەد، حاجی عەلی حەسەن، ئیسماعیل قادر، یاسین حەمەد، محەمەد قادر، عەلی دەروێش، سابیر ئیسماعیل). هەندێك لەوانە بە تۆمەتی ئەندامبوون لە حزبی شیوعی و پارتی و هەندێکی دیکەیان بەبێ ئاراستەکردنی هیچ تۆمەتێك دەستبەسەرکراون، کە بەشێك لەوانە کریستیان بوون (لجنة دراسة احوال المحتجزين في اربيل, 9/7 /1963: 1).

## 5- ڕەوشی بەندیخانەکان و بەندکراوان لە شاری هەولێر

ئەو کەسانەی کە لە شاری هەولێر دەستگیرکراون، زۆربەیان هەر لەناو شارەکەدا دەستبەسەرکراون. جگە لە بەندیخانەی سەرەکی هەولێر و بەندیخانەی پۆلیس و ئەمنی هەولێر، بەهۆی زۆری ژمارەی بەندکراوانەوە زۆربەی فەرمانگە و قوتابخانە و نەخۆشخانەکان وەك گرتووخانە بەکارهاتوون و هاوڵاتییانیان تێدا دەستبەسەرکراوە (قادر، 2018: 223-224). لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتدا ئاماژە بەناوی (قوتابخانەی هەولێر) کراوە. بۆ نموونە لە نووسراوێکی موتەسەڕیفی هەولێر لە 6ی تشرینی دووەمی 1963 دا ناوی مامۆستا (عەبدولڕەحمان حاجی ئەمین) هاتووە، کە لە قوتابخانەی هەولێر دەستبەسەرکراوە (متصرفية لواء اربيل, مديرية التحرير, قلم السر, 11/6/ 1963, الموضوع: عرائض الموقوفين وذويهم, الرقم/ 4531/ 28).

بەشێکی دیکەی دەستگیرکراوانیش ڕەوانەی گرتووخانەکانی کەرکوك و ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق کراون و لەوێ بەندکراون. یەکێك لەو گرتووخانانەی کە ژمارەیەکی زۆر لە زیندانیانی هەولێری تێدا بووە، بەندیخانەی قەزای (موسەیب)ی سەر بە لیوای (بابل) بوو. لەوبارەیەوە لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا ئاماژە بەناوی چەندین کەس کراوە، کە لەو بەندیخانەیەدا گیراون. لەوانەش: (محەمەد قادر زێڕینگر/ دانیشتووی گەڕەکی عارەبان، عەلی محەمەد کەبابچی/ دانیشتووی گەڕەکی خانەقا، مستەفا حاجی سەلیم، مستەفا مام ئیسماعیل/ دانیشتووی گەڕەکی مستەوفی, یاسین ئەحمد/ دانیشتووی گەڕەکی کوران, یاسین عەزیز/ دانیشتووی گەڕەکی مستەوفی, تاهیر ئیسماعیل, مستەفا حاجی ساڵح, سەعد یونس, حەسەن یونس, شێخیل عومەر, نەجیب یوسف, سدیق حاجی مستەفا, فەتاح عەبدولڕەزاق / دانیشتووی گەڕەکی عارەبان, محەمەدئەمین عوسمان, حاجی هەینی حاجی مستەفا, زاهیر عومەر حەسەن) (متصرفية لواء اربيل, 8/31 /1963؛ متصرفية لواء اربيل, 9/3 /1963).

چەندین دەستگیرکراوی دیکەی هەولێر ڕەوانەی بەندیخانەکانی (کەرکووك، حیللە، دیوانییە، موسڵ، بەغدا، نوگرە سەلمان، ڕەمادی) کراون و ناویان لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا هاتووە، لەوانەش: (حەمزە کاکەشین شێخەڵڵا، عومەر فەقێ، قادر حەمەد، عەبدولکەریم مەلا محەمەد، عەبد یوسف ئۆغز) لە بەندیخانەی کەرکوك. (عەبدولکەریم مەحمود، عەبدوڵڵا حەمەشین گەردی/ دانیشتووی گەڕەکی مستەوفی، عەبدولسەلام عەزیز، فازیل پیرداود) لە بەندیخانەی حیللە. (سلێمان قادر و عەلی حاجی ئەحمەد) لە بەندیخانەی ناوەندی بەغدا. (ئەکرەم عەلی/ دانیشتووی گەڕەکی تەعجیل، حسێن عەزیز ڕەشوانی/ دانیشتووی گەڕەکی عارەبان) لە بەندیخانەی دیوانییە. (مەحمود ئەحمد مەحمود) لە بەندیخانەی موسڵ. (ئیسماعیل مەغدید) لە بەندیخانەی ڕەمادی. (حەننا پۆڵس) لە بەندیخانەی نوگرەسەلمان. (متصرفية لواء اربيل, 9/5 /1963؛ متصرفية لواء اربيل, 9/8 /1963؛ متصرفية لواء اربيل, 9/11 /1963؛ متصرفية لواء اربيل, 9/17 /1963؛ متصرفية لواء اربيل, 9/21 /1963؛ متصرفية لواء اربيل, 10/1 /1963؛ متصرفية لواء اربيل, 11/3 /1963؛ متصرفية لواء اربيل, 11/13 /1963).

سەبارەت بە بارودۆخی بەندکراوان لە هەولێر، لە دۆخێکی زۆر خراپ و دژواردا بوون و ڕووبەڕووی ئەشکەنجەدان بوونەتەوە. هەرچەندە لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە ئەشکەنجەدان نەکراوە، بەڵام لە بەشێك لەو داواکارینامانەی کە خاو و خێزانی بەندکراوان بۆ موتەسەرڕیفی هەولێر نووسیویانە، ئاماژەیان بەمە کردووە. بۆ نموونە (ناجیە محمد) خێزانی (عمر عبدالقادر معروف)، کە دانیشتووی گەڕەکی تەیراوە بووە، لە 22ی ئاداری 1964 دا لە داواکارینامەیەکدا بۆ موتەسەرڕیفی هەولێر ئاماژەی بەوە کردووە، لە 22ی تشرینی یەکەمی 1963 دا هاوسەرەکەی لەلایەن حەرەس قەومییەکانەوە دەستگیرکراوە، بەبێ ئەوەی پەیوەندی بەهیچ لایەنێکی سیاسییەوە هەبوویێت. ئەشکەنجەیەکی زۆریان داوە، تا ناچاری بکەن لەسەر دانپێدانان لەسەر هەندێك کار، کە نەیکردووە. تەنانەت بەهۆی ئەشکەنجەکەوە باری تەندروستی تێکچووە و نەخۆش کەوتووە (عريضة ناجية محمد الى متصرف لواء اربيل, 3/22 /1964). لە سەرچاوەیەکدا ئاماژە بە چەندین حاڵەتی ئازار و ئەشکەنجەی هاوڵاتیان کراوە، کە هەندێك لەوانە هەر لەکاتی دەستگیرکردنیاندا ئازار دراون. لەوانەش هەردوو هاوڵاتی (قادر عبدالله و عەوڵا سۆر) دوای ئەوەی

لەلایەن حەرەس قەومییەکانەوە لە گەڕەکی سێتاقان دەستگیرکران، بە بەرچاوی خەڵکەوە بەشێوەیەکی دڕندانە لێیاندان، بەهۆیەوە ماوەی زیاتر لە مانگێك لەسەر جێگا کەوتن. هەروەها (واحد احمد ئاقوبانیان) دوای دەستگیرکردنی لەلایەن حەرەس قەومییەکانەوە لە گەڕەکی تەعجیل، بەشێوەیەکی دڕندانە لەبەرچاوی خەڵك بەئۆتۆمبێل لەدوای خۆیان ڕایانکێشا (بڕوانە: خۆشناو، 2016: 101-102). لە سەرچاوەیەکی دیکەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە حەرەس قەومییەکان هەندێك خانوویان لە هەولێر وەك بارەگا بەکارهێناوە و لەژێر زەمینەکاندا ئەشکەنجەی دەستگیرکراوەکانیان داوە (الخفاجي، 2016: 156-157).

لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتدا تاوتوێی بارودۆخی بەندکراوان کراوە و هەندێك بڕیار و ڕێنمایی بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکان دەرکراوە، لەوانەش بەندیخانەی هەولێر. لە نووسراوێکی موقەدەم (مومتاز محەمەد ئەزهر)ی حاکمی گشتی سەربازی ناوچەی باکوور لە 21ی ئەیلوولی 1963 بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکانی هەولێر و کەرکوك و موسڵ و سلێمانی، چەندین بریار لەبارەی بەندیخانەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندییەکاندا دەرکراوە. لەوانەش ڕێگا بە نامەگۆڕکێی نێوان بەندییەکان و کەسوکاریان بدرێت، بەڵام نابێت لە چەند دێڕێك زیاتر بێت و نابێت هێما و ئاماژەی تێدا بێت. هەروەها نامەگۆڕکێی ئەندامانی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی قەدەغەکراوە. سەردانیکردنی بەندییەکانیش لەلایەن کەسوکاریانەوە ڕێگەی پێدراوە، بەڵام لە ماوەی مانگێکدا تەنیا یەکجار و بۆ ماوەی (10) خوولەك بێت. لەمەشدا ئەندامانی حزبی شیوعی، ئەوانەی حکومەت بە مەترسیدار ناوی بردوون، بێ بەشکراون. لەلایەکی دیکە هەر لە نووسراوەکەدا هێنانی هەموو جۆرە خواردەمەنییەك بۆ ناو بەندیخانەکان قەدەغەکراوە، بەبیانووی ئەوەی لەلایەن بەندیخانەکانەوە خواردنی پێویست بە بەندییەکان دەدرێت (مقر الحاكم العسكری العام للمنطقة الشمالية، 21/9/ 1963). ئەمە لە کاتێکدا بارودۆخی زۆربەیان لەڕووی خواردنەوە خراپ بووە.

**6- ژمارەی دەستگیرکراوانی شاری هەولێر بەگوێرەی بەڵگەنامە فەرمییەکان**

هەر لەیەکەم ڕۆژی کودەتای 8ی شوباتدا ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییانی شاری هەولێر لەلایەن حەرەس قەومی و دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیرکران و لە ڕۆژانی دواتریشدا ژمارەکە زیاتر بوو.

بەڵام پێویستە لێرەدا جیاوازی لەنێوان دوو جۆرە دەستگیرکردندا بکرێت، یەکێکیان ئەوەیە لەهەندێك کاتدا لە هەڵمەتێکی ڕەشبگیریدا بۆ سەر گەڕەکێك یا ناوچەیەك ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك دەستگیردەکران، بەڵام دواتر لە هەمان ڕۆژ یا ڕۆژی دواتردا ئازاد دەکران. واتە دەستبەسەرکردنێکی کاتی بوو. بۆ نموونە وەك ئەوەی لە گەڕەکی سێتاقان لە کۆتایی حوزەیراندا نزیکەی (400) کەسیان دەستگیرکرد، بەڵام زۆربەیان لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا ئازاد کران (خۆشناو، 2016: 101). بۆیە ناوی ئەمانە لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتدا تۆمار نەکراوە. جۆری دووەمی دەستگیرکردن، کە مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەوەبوو بەندییەکە ڕەوانەی بەندیخانە دەکرا، جا یا ماوەیەك دەستبەسەر دەکرا و دواتر ئازاد دەکرا، یا بۆ ماوەی چەند ساڵێك حوکم دەدرا. سەبارەت بە جۆری دووەمی دەستگیرکردن لەو سەرچاوانەی، کە تا ئێستا لەبارەی ئەو ماوەیەی هەولێر نووسراون، هیچ ژمارەیەکی وردی دەستگیرکراوان بەدەستەوە نەدراوە، ئەمەش لەبەرئەوەی بەڵگەنامەی پێویستیان لەبەردەستدا نەبووە بۆ ساغکردنەوەی بابەتەکە. بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەت تاڕادەیەك ژمارەی وردی دەستگیرکراوانی شاری هەولێر و قەزا و ناحیە و گوندەکانی دەرەوەی شارەکە ڕوونکراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگیرێت، لەوانەیە بەڵگەنامە فەرمییەکانیش زانیاری وردیان لەبارەی سەرجەم ژمارەی دەستگیرکراوانەوە نەدابێت و بەشێکیان لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە کوژرابن و ناویان لەنێو دەستگیرکراوەکاندا نەهاتبێت.

لەماوەی نێوان 9/3 /1963 تا 12/24 /1963 لێژنەی barودۆخی بەندکراوانی هەولێر، کە لێژنەیەك بوو تایبەتمەند بوو بە خستنەڕووی زانیاری لەبارەی بەندکراوانەوە، چەندین لیستی ناوی بەندییەکانی نێو بەندیخانەکانی هەولێری بۆ بارەگای حاکمی گشتی سەربازی ناوچەی باکوور لە کەرکوك ناردووە. تیایدا ناوی بەندکراوان و شوێنی نیشتەجێبوون و هۆکاری دەستگیرکردنیان و ڕاسپاردەی خۆیان لەبارەی مانەوە لە بەندیخانە یا ئازادکردنیان تێدا نووسراوە. لە لیستی 9/3/ 1963 دا ناوی (49) بەندکراو هاتووە، سەرجەمیان دانیشتووی نێو شاری هەولێر بوون (هيئة دراسة احوال المحتجزين في اربيل, 9/3/ 1963: 1-4). لە لیستی 9/7 دا ناوی (65) بەندکراوی تێدایە، کە (63) کەسیان دانیشتووی ناو شاری هەولێرن و تەنیا (2) کەسیش خەڵکی دەرەوەی شارەکەن (لجنة

دراسة احوال المحتجزين في اربيل, 9/7/ 1963: 1-9). لە لیستێکی دیکە لە 9/11 دا ناوی (31) بەندکراوی تێدایە، کە (30) کەسیان لەنێو شارەکەن و تەنیا (1) کەس هی دەرەوەی شارە (لجنة دراسة احوال الموقوفين والمحتجزين في اربيل, 9/11/ 1963, الموضوع: توصيات, العدد/ 25: 1-5).

لە لیستێکی دیکەی لێژنەی بارودۆخی بەندکراوانی هەولێر لە 9/15/ 1963 دا ناوی (40) بەندکراو هاتووە، کە (35) کەسیان لەناو شارن و (5) کەسیشیان لە دەرەوەی شارن (لجنة دراسة احوال المحجوزين في اربيل، 9/15/ 1963: 1-7). لە لیستی 9/21 دا ئاماژە بەناوی (10)کەس کراوە، (9) لەناو شار و تەنیا (1) کەسیش لە دەرەوەی شار (رئاسة هيئة لجنة قضايا المحجوزين في اربيل, سري, 9/21/ 1963, العدد/ 50: 1-3). لە لیستی 9/30 دا ناوی (53) بەندکراو هاتووە، (44)یان لەناو شار و (9) کەسیشیان لە دەرەوەی شار (رئاسة لجنة دراسة احوال المحجوزين فى اربيل, 9/30/ 1963: 1-9). لە لیستی 9/10 دا ئاماژە بە ناوی (44) بەندی کراوە، (43) کەسیان لەنێو شار و (1) کەسی دەرەوەی شار (لجنة دراسة احوال المحتجزين في اربيل، 9/10/ 1963: 1-7). لە لیستی 10/19 دا ناوی (25) بەندکراو هاتووە، (22)ی ناو شار و (3) بەندکراوی دەرەوەی شار (لجنة دراسة احوال الموقوفين والمحتجزين في اربيل, 10/19/ 1963: 1-4). لە لیستی 10/20 دا ناوی (27) بەندکراو ئاماژەی پێکراوە، (25)ی ناو شار و (2) بەندکراوی دەرەوەی شار (رئاسة لجنة دراسة احوال المحجوزين في اربيل, 10/20/ 1963: 1-3). لە لیستی 10/23 دا ناوی (64) بەندکراو ئاماژەی پێکراوە، (60) کەس لەناو شار و (4) کەسیش لە دەرەوەی شار (رئاسة لجنة دراسة احوال المحجوزين في اربيل, 1963/10/23: 1-9).

لە لیستێکی دیکەی سەرۆکایەتی لێژنەی بارودۆخی بەندکراوانی هەولێر لە 11/16 دا ناوی (68) بەندکراو هاتووە، (54) لەو بەندکراوانە دانیشتووی شاری هەولێر بوون و (14) بەندکراویش لە دەرەوەی شارەکە بوون (رئاسة لجنة دراسة احوال المحتجزين فى اربيل, 11/16/ 1963: 1-10). لە لیستێکی 12/21 دا ئاماژە بەناوی (140) بەندکراو کراوە، کە ئەمەش درێژترین لیستی ناوی بەندکراوانی لێژنەکە بووە. لەو ژمارەیەدا (131) بەندکراو دانیشتووی شاری هەولێر و (9) بەندکراویش هی دەرەوەی شار بوون (رئاسة لجنة دراسة احوال المحتجزين فى اربيل, 12/21/

1963: 1-12). لەدوا لیستی سەرۆکایەتی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی بەندکراوانی هەولێر لە 24/12/ 1963 دا ناوی (28) بەندکراو هاتووە، (25) بەندکراو لەنێو شاری هەولێر و (3) بەندکراوی دەرەوەی شار (رئاسة لجنة دراسة احوال المحتجزين في اربيل, 24/12/ 1963: 1-5).

ئەمەی لە سەرەوەدا، وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، تەنیا ژمارەی بەندییەکانی ناو بەندیخانەکانی هەولێر بوون. بەڵام ژمارەیەکی دیکەی بەندکراو لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی بەندکراوانی هەولێر و موتەسەڕیفییەتی هەولێر ناویان هاتووە، کە لە بەندیخانەکانی دیکەی عێراق بوون، بەتایبەتیش لە بەندیخانەی موسەیب. بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانە لەماوەی 31/8/ 1963 تا 11/12/ 1963 ژمارەی ئەو بەندکراوانەی هەولێر کە لە بەندیخانەکانی شارەکانی دیکەدا بوون (212) بەندکراو بوون. لەو ژمارەیەش (192) بەندکراو خەڵکی ناو شاری هەولێر بوون و (20) بەندکراویش خەڵکی قەزا و ناحیە و گوندەکانی هەولێر بوون (متصرفية لواء اربيل, 31/8/ 1963؛ هيئة دراسة احوال المحتجزين في اربيل, 28/8/ 19631؛ هيئة دراسة احوال المحتجزين في اربيل, 30/8/ 1963؛ متصرفية لواء اربيل, 11/9/ 1963؛ متصرفية لواء اربيل, 21/9/ 1963؛ متصرفية لواء اربيل, 30/9/ 1963؛ متصرفية لواء اربيل, 6/10/ 1963؛ متصرفية لواء اربيل, 11/12/ 1963).

لەمیانەی خستنەڕووی زانیاری لەبارەی ژمارەی ئەو بەندکراوانەی، کە لە لیستەکانی سەرۆکایەتی لێژنەی بارودۆخی بەندکراوانی هەولێردا هاتووە، بۆمان دەرکەوێت کە (579) کەس لە لیوای هەولێردا دەستگیرکراون و ڕەوانەی بەندیخانەکانی نێو شاری هەولێر کراون. لەو ژمارەیەش (528) کەس لەناو شاری هەولێر و (51) کەسیش لە قەزا و ناحیە و گوندەکان دەستگیرکراون. هەروەها لە بەڵگەنامەکانی دیکەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە (212) کەسی دیکە لە هەولێر دەستگیرکراون و بۆ بەندیخانەکانی شارەکانی دیکەی عێراق گواستراونەتەوە. (192) بەندکراوی ناو شاری هەولێر و (20) بەندکراوی قەزا وناحیەکان. کەواتە کۆی گشتی دەستگیرکراوانی شاری هەولێر لەناو بەندیخانەکانی ناوشاری هەولێر و شارەکانی دیکەی عێراق گەیشتووەتە (720) کەس. هەروەها ژمارەی گشتی بەندکراوانی قەزا و ناحیە و گوندەکانیش (71) کەس بووە. هەرچەندە ژمارەی

دواییان لەمە زیاتر بووە، چونکە لە لیستەکاندا زیاتر ناوی دەستگیرکراوانی هەردوو قەزای ڕەواندز و کۆیەی تێدایە و ناوچەکانی دیکە کەمتر ناویان هاتووە.

**ئەنجامەکان:**

1- کودەتای 8ی شوباتی 1963ی بەعسییەکان و نەتەوەییەکان لە عێراقدا بە خوێناویترین و توندوتیژترین کودەتای سەربازی لە مێژووی هاوچەرخی عێراق ئەژمار دەکرێت. تیایدا بە هەزاران کەس کوژران و بەدەیان هەزار کەسیش لە سەرتاسەری عێراقدا دەستگیرکران و ڕاپێچی زیندانەکان کران. میلیشیای (حەرەس قەومییەکان)یش پشکی شێریان لە ئەنجامدانی ئەو کارانەدا هەبوو.

2- هەر لەگەڵ یەکەمین ڕۆژی کودەتاکەدا هەڵمەتێکی چڕوپڕی ڕاوەدوونان و دەستگیرکردنی ئەندامان و لایەنگرانی حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر دەستپێکرد و بەدەیان کەس دەستگیرکران. هەندێك لە دەستگیرکراوەکان دانیان بەوەدا ناوە، کە ئەندامی یەکێك لە دوو حزبەکە بوون و هەندێکی دیکەشیان لەسەر دانپێدانانی کەسانی دیکەوە گیراون. بەشێکیشیان هیچ پەیوەندییەکیان بە ڕێکخستنی ئەو حزبانەوە نەبووە و بەبێ ئاراستەکردنی هیچ تۆمەتێك دەستگیرکراون و دواتر ئازادکراون.

3- جگە لە نەتەوەی کورد، پێکهاتەکانی دیکەی هەولێریش ڕووبەڕووی هەڵمەتی گرتن و ڕاوەدوونان بوونەتەوە. بەتایبەتی ژمارەیەکی زۆری کریستیانەکان بە تۆمەتی ئەندامێتی لە حزبی شیوعی دەستگیرکراون و ڕاپێچی زیندانەکان کراون. لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتدا ناوی چەندین کەسایەتی دەستگیرکراوی کریستیان هاتووە و بە کەسانی مەترسیدار و حزبیی وەسفکراون.

4- هەڵمەتی ڕەشبگیری حکومەتی عێراق لەدوای کودەتای 8ی شوباتی 1963 لە هەولێر، کە زیاتر لەلایەن حەرەس قەومییەکانەوە ئەنجامدراوە. زۆربەی چین و توێژەکانی هەولێری بەبێ جیاوازی گرتووەتەوە. وەك کاسبکار و پیشەوەر و بازرگان و دوکاندار و شۆفێر و مامۆستا و فەرمانبەر و تەنانەت ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەکانیش. ئەمەش بەڕوونی لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حکومەتـدا ئامـاژەی پێکـراوە. کەسـوکاری گیراوەکـانیش لەڕێـگەی بەرزکـردنەوەی داواکارینـامە بـۆ بەرپرسان، بەتایبەتی موتەسەڕیفی هەولێر، داوای ئازادکردنیان بۆ کردوون.

5- جگە لە زیندانە فەرمییەکانی ناو شاری هەولێر، بەهۆی زۆری ژمارەی دەستگیراوەکانەوە، بەشێك لە فەرمانگە حکومییەکان کراونەتەوە بەندیخانە، بەتایبەتی قوتابخانەکان. هەروەها بەدەیان زیندانی ڕەوانەی گرتووخانەکـانی دەرەوەی هەولێرکـراون، بەتـایبەتی بەنـدیخانەکانی (موسـەیەب، کەرکـوك، حیللە، دیوانییە، موسڵ، بەغدا، نوگرە سەلمان، ڕەمادی)، کە لە هەندێك کاتدا ئەمە بـۆ زیـاتر سـزادانی گیراوەکان بووە.

6- بەگوێرەی بەڵگەنامە فەرمییەکان کۆی گشتی ئەو کەسانەی، کە لە ماوەی ساڵی 1963 دا لە شـاری هەولێـر دەسـتگیرکراون و ڕەوانەی بەنـدیخانەکان کـراون گەیشـتووەتە (720) کەس. سـەرجەمی ئەوانەشی لە قەزا و ناحیە و گوندەکان گیراون لەو ماوەیەدا (71) کەس بـووە. هەرچەنـدە ژمارەکـان لەوە زیـاتربووە، چـونکە دەسـتگیرکراوانی سـەرجەم قەزاکـانی هەولێـر ئەژمـار نەکـراون و لەوانەیە هەندێکیان لەسێدارەدرابن.

7- هەڵمەتـی ڕەشـبگیری حکـومەت دوای کودەتـای شـوباتی 1963 کـاریگەری نەرێنـی ئـابووری و کـۆمەڵایەتی بـۆ سـەر چـین و تـوێژە جیاجیاکـانی هەولێـر هەبـووە. هەنـدێکیان بەهـۆی گووشارخستنەسـەریان پەیوەنـدییان بە ڕیزەکـانی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـوردەوە کـردووە. بەشێکیشـیان بـۆ خۆڕزگـارکردن بەناچـاری بـۆ مـاوەیەك شـاری هەولێریـان جێهێشـتووە و خۆیـان ونکردووە. بۆیە ئەمانە دەستیان لە پیشەکانیان هەڵگرتووە. ئەمەش بووەتە مایەی خراپبوونی بژێوی ژیانی کەسوکاریان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## لیستی سەرچاوەکان:


### 1- بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان

#### أ/ وثائق متصرفية وقائمقامية اربيل:

- عريضة لاوكو فقى عبدالله الى متصرف اربيل, 1963 /7/28, العدد/ 9201.
- عريضة المستدعية صبيحة بنت رسول، زوجة الموقوف قادر حمەد في اربيل محلة تعجيل الى متصرف لواء اربيل، 1963/7/28، العدد/ 9132).
- عريضة المسترحم معصوم فتاح الى متصرف لواء اربيل، 1963/7/31.
- متصرفية لواء اربيل، قلم السر، ١٩٦٣/٨/١٢، الموضوع/ اطلاق سراح جبرائيل اسماعيل, العدد/ ٢٨/٣١٥٤.
- عريضة المستدعية شاني بنت عبدالرحمن الى متصرف اربيل، 1963 /8/14، العدد/ 4586.
- متصرفية لواء اربيل، قلم السر، ١٩٦٣/٨/١٧، الموضوع/ طلب حجز شخص, العدد/ ٢٨/٣٢٣١.
- متصرفية لواء اربيل، ١٩٦٣/٨/١٨، الموضوع: طلب اطلاق سراح موقوفين, العدد/ ٣٢٤٥/٢٨.
- وزارة الداخلية، متصرفية لواء اربيل، ١٨/ ١٩٦٣/٨, الرقم ٣٢٥٢/٢٨.
- متصرفية لواء اربيل, قلم السر, 1963 /8/31, الموضوع: عرائض ذوي علاقة الموقوفين المحتجزين, العدد/ 28/ 3436.
- متصرفية لواء اربيل, مديرية التحرير, قلم السر, 1963 /9/3, الموضوع: عرائض ذوي علاقة الموقوفين المحتجزين, العدد/28/ 3498.
- متصرفية لواء اربيل, مديرية التحرير, قلم السر, 1963 /9/5, الموضوع: عرائض ذوي المحتجزين, العدد/28/ 3517.
- متصرفية لواء اربيل, مديرية التحرير, قلم السر, 1963 /9/8, الموضوع: عرائض ذوي الموقوفين, العدد/28/ 3566.
- عريضة الحاج بكر طه الى متصرف اربيل, 1963 /9/10.
- متصرفية لواء اربيل, مديرية التحرير, قلم السر, 1963 /9/11, الموضوع: عرائض الموقوفين وذويهم, العدد/28/ 3620.
- متصرفية لواء اربيل, مديرية التحرير, قلم السر, 1963 /9/17, الموضوع: عرائض الموقوفين وذويهم, العدد/28/ 3719.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- متصرفية لواء اربيل, مديرية التحرير, قلم السر, 9/21 /1963, الموضوع: عرائض الموقوفين وذويهم, العدد/28/ 3752.
- متصرفية لواء اربيل, مديرية التحرير, قلم السر, 9/30 /1963، الموضوع: عرائض الموقوفين وذويهم, العدد/ 28/ 3906.
- متصرفية لواء اربيل, مديرية التحرير, قلم السر, 10/1 /1963, الموضوع: عرائض الموقوفين, العدد/28/ 3919.
- متصرفية لواء اربيل, قلم السر, 10/6 /1963، الموضوع: عرائض الموقوفين وذويهم, العدد/ 28/ 4003.
- متصرفية لواء اربيل, مديرية التحرير, قلم السر, 11/3 /1963, الموضوع: عرائض الموقوفين وذويهم, العدد/28/ 4467.
- متصرفية لواء اربيل, مديرية التحرير, قلم السر, 11/13 /1963, الموضوع: عرائض الموقوفين, العدد/28/ 4695.
- متصرفية لواء اربيل, قلم السر, 12/11 /1963، الموضوع: عرائض الموقوفين وذويهم, العدد/ 28/ 5172.
- عريضة المستدعي هوشيار بهاء الدين الى متصرف اربيل، 3/12 /1964، العدد/ 987).
- عريضة ناجية محمد الى متصرف لواء اربيل, 3/22 /1964, العدد/1224.
- عريضة نور الدين عمر الى متصرف لواء اربيل, 4/26 /1964, العدد/ 2244.
- متصرفية لواء اربيل, مديرية التحرير, القلم السري, 5/5 /1964, الموضوع: طلب اعادة عمال السكك الحديدية المفصولين, الرقم/ 17/1564.
- قائممقامية قضاء مركز اربيل، 1964/6/6، الموضوع: عريضة مبعد، العدد /326 /1.
- عريضة المستدعية امنة حمد زوجة قادر قرني الى متصرفية اربيل, 6/22 /1964, الرقم/4889.
- متصرفية لواء اربيل, مديرية التحرير, القلم السري, 7/18 /1964, الموضوع: طلب اطلاق سراح, الرقم/ 2228 /17/س.
- عريضة المسترحم، يوسف عبد المسيح، المحجوز في موقف سراي اربيل، نائب عريف عسكري "كاتب" سابقا، الى متصرف لواء اربيل، 1964/8/8، العدد/ 28/8737.
- عريضة المستدعي سعيد بن يونس مقاول في اربيل، الى متصرف لواء اربيل، 1964/8/12، العدد/ 4836.
- متصرفية اربيل (10/19 /1966) مذكرة بشأن النازحين من مربع ديبكة، سري و شخصي (متصرف اربيل).

**ب/ وثائق هيئة ولجنة دراسة احوال المحتجزين في اربيل:**

- هيئة دراسة احوال المحتجزين في اربيل, 8/28 /1963، برقية لاسلكية, العدد/1.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- هيئة دراسة احوال المحتجزين في اربيل, 1963 /8/30، برقية لاسلكية, العدد/ 2.
- هيئة دراسة احوال المحتجزين في اربيل, 1963 /9/3، الموضوع: اسماء المحجوزين الذين اوصت اللجنة باخلاء سبيلهم بكفالة, العدد/ 16.
- لجنة دراسة احوال المحتجزين في اربيل, 1963 /9/7, الموضوع: ارسال توصيات, العدد/ 21.
- لجنة دراسة احوال المحتجزين في اربيل، 1963 /9/10، الموضوع: ارسال قوائم, العدد/ 24.
- لجنة دراسة احوال الموقوفين والمحتجزين في اربيل, 1963 /9/11, الموضوع: توصيات, العدد/ 25.
- لجنة دراسة احوال المحجوزين في اربيل، 1963 /9/15، سرى و شخصى، برقية سرية وفورية الى الحاكم العسكري العام للمنطقة الشمالية-كركوك, العدد/ س 42.
- رئاسة لجنة دراسة احوال المحجوزين فى اربيل, 1963 /9/30, سري و شخصي, الموضوع: ارسال قوائم, العدد/ 64.
- لجنة دراسة احوال الموقوفين والمحتجزين في اربيل, 1963 /10/19، سرى وشخصى، الموضوع: ارسال توصيات, العدد/ 93.
- رئاسة لجنة دراسة احوال المحجوزين في اربيل, 1963 /10/20, الموضوع: ارسال توصيات, العدد/ 104.
- رئاسة لجنة دراسة احوال المحجوزين في اربيل, 1963 /10/23, الموضوع: ارسال توصيات, العدد/ 106.
- رئاسة لجنة دراسة احوال المحتجزين فى اربيل, 1963 /11/16، الموضوع: ارسال توصيات اللجنة, العدد/ 171.
- رئاسة لجنة دراسة احوال المحتجزين فى اربيل, 1963 /12/21، الموضوع: ارسال توصيات, العدد/ 197.
- رئاسة لجنة دراسة احوال المحتجزين في اربيل (1963 /12/24), الموضوع: ارسال توصيات, العدد/ 215.

**ج/ وثائق مديرية امن اربيل:**

- محقق امن اربيل، ١٩٦٣/٣/١٣، الموضوع: اخبار المعلومات الاولى، العدد/٦٤.
- محقق امن اربيل،١٩٦٣/٤/١، الموضوع: اخبار المعلومات الاولى، العدد/ 63.
- مديرية امن لواء اربيل, 1963 /4/18، الموضوع: حجز شيوعي, الرقم/ 524.
- معاونية امن اربيل، القلم السري، ١٩٦٣/٧/٦, لاسلكية الى امن رواندز, رقم المنشيء/ ٣٧٣٧.

معاونية امن اربيل، القلم السري، ١٩٦٣/٧/٢٨، الموضوع: استفسار, العدد/٤٢٥٤.

- معاونية امن اربيل، القلم السري، 1963/7/28, الموضوع: استفسار، العدد/4256.
- معاونية امن اربيل، القلم السري،١٩٦٣/٧/٢٩، لاسلكية الى الحاكم العسكري للمنطقة الشمالية, رقم المنشيء/ ٤٢٨٩.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- معاون امن اربيل، القلم السري، 1963/7/31، الموضوع: الموقوف انور مجيد عامل في محطة بيع البانزين، العدد/4344.
- معاونية امن اربيل، القلم السري،5 /8/ 1963، الموضوع: عرائض موقوفين, العدد/ 4446.
- معاونية امن اربيل، القلم السري،١٩٦٣/٨/١٣، الموضوع: استفسار, الرقم /٤٥٩٢.
- معاونية امن اربيل، القلم السري، ١٩٦٣/٨/١٤, الموضوع: تسفير متهم شيوعي, العدد/ ٤٦١.
- معاونية امن اربيل، القلم السري، ١٩٦٣/٨/١٨، العدد/ ٤٦٦٩.
- معاونية امن اربيل، القلم السري، ١٩٦٣/٨/١٨, العدد/ ٤٦٦٨.
- مديرية امن لواء اربيل, 7/7/ 1964، الموضوع: عريضة امنة حمد, الرقم/ 2097.

**د/ وثائق مديرية شرطة اربيل:**

- مديرية شرطة لواء اربيل، القلم السري،١٩٦٣/٨/١٣, الموضوع: اطلاق سراح, العدد/ ٣٦٥٥/٢٩.
- مديرية شرطة لواء اربيل، القلم السري، ١٩٦٣/٨/١٤, العدد/٣٦٦٩/٤.
- مديرية شرطة لواء اربيل، القلم سري،١٩٦٣/٨/١٤، الموضوع: تهريب الادوية الطبية الى العصاة, العدد/ ٣٦٩٦/٤.
- جمهورية العراق، الهيئة التحقيقة في اربيل، رقم: ٦٤, ١٩٦٣.
- مديرية شرطة لواء اربيل, القلم السرى، 5/6/ 1964، الموضوع: حجز شيوعي, العدد/ 16/ 2219.

**و/ وثائق مقر الحاكم العسكري العام للمنطقة الشمالية:**

- مقر الحاكم العسكري العام للمنطقة الشمالية, 8/4/ 1963, الموضوع: اطلاق سراح, العدد/ ح/ع/ 2/ 4284.
- مقر الحاكم العسكري العام للمنطة الشمالية، ١٩٦٣/٨/٦، الموضوع: حجز اشخاص العدد/ح/ع/٢/٤٤١٦.
- مقر الحاكم العسكرى العام للمنطقة الشمالية الى امر موقع المسيب, الموضوع: اطلاق سراح محتجزين بكفالة, 9/8/ 1963, العدد/ ح/ع/ 2/ 5578.
- مقر الحاكم العسكرى العام للمنطقة الشمالية، 9/21/ 1963, سري وعلى الفور, الموضوع: توصيات, الرقم/ 14853.

**ه/ وثائق وزارة الاصلاح الزراعي:**

- وزارة الاصلاح الزراعي, مديرية الديوان العامة, ذاتية الموظفين, 7/28/ 1963, الموضوع: امر ديوانى, العدد/ 13562.
- مديرية الإصلاح الزراعي في لواء اربيل (1966/10/12)، سري و شخصي، الموضوع: قائمة إجمالية بعدد الملاكين المرحلين من مربع ديبكة، العدد: 9/3546.

**2- کتێبەکان:**

**أ/ بە زمانی کوردی:**

-خۆشناو، شوان محەمەد ئەمین (2016)، هەولێر لەنێوان ساڵانی 1963-1970 لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویيە لە بارودۆخی سیاسیی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- سمایل، عەباس سلێمان (2004), مێژووی دەشتی هەولێر، ب1، هەولێر.

- قادر، مهدی محمد (2018)، دراسات في تاريخ أربيل المعاصر, اربيل.

- نادر، کاوە (2001), کەندێناوە لەنێوان ڕاگواستن و بە عەرەبکردندا، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

**ب/ بە زمانی عەرەبی:**

-البارزاني، مسعود، (٢٠٠٣)، البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ثورة ايلول ١٩٦١-١٩٧٥، الجزء الثالث، اربيل.

- البوتانی، عبدالفتاح على (2007)، التطورات السياسية الداخلية في العراق 14 تموز 1958-8 شباط 1963, مطبعة خاني, دهوك.

- حميدي, جعفر عباس (2015)، تاريخ العراق المعاصر 1914-1968، دار ومكتبة عدنان للطباعة والنشر والتوزيع, بغداد.

- الخفاجي، فايز (2016), الحرس القومي ودوره الدموي في العراق، ط2، دار سطور للنشر والتوزيع، بغداد.

- سعيد, على كريم (1999)، عراق 8 شباط 1963/ من حوار المفاهيم الى حوار الدم مراجعات في ذاكرة طالب الشبيب، دار الكنوز الأدبية، بيروت.

- قفطان, كاوس (2004)، الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق 1958-1964، السليمانية.

- محمد، شيرزاد زكريا (2006), الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق 8 شباط 1963-17 تموز 1968, مطبعة وزارة التربية, اربيل.

- المنحرفون من الحرس القومي في المد الشعوبي تحت أشعة 18 تشرين الثاني 1963 (1964), سلسله منشورات عربية/ ع1، بغداد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Arrest campaign of the Ba'athists in Erbil Following the February 8, 1963 Coup
# (A documentary Study)

**Dr. Burhan Hatam Othman**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Burhan.othman@su.edu.krd

**Dr. Nihro Mohammed Abulqader**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
nihro.abdulqader@su.edu.krd

## Abstract

This research, based on unpublished official Iraqi documents, has touched on the campaign of arrests carried out by the Baathist regime after the February 8, 1963 coup in the cities of Iraq and Kurdistan, including Erbil, in which the National Guard and other security and military agencies arrested hundreds of people from the city and regions. Administratively affiliated. The research sheds light on the issue of the arrest of members and supporters of the Iraqi Communist Party and the Kurdistan Democratic Party. Additionally, it details the detention and arrest of individuals from different classes and groups such as peasants, professionals, merchants, teachers, employees, children, women, and the elderly. This research also focuses on the prisons and detention centers where people from Erbil were held, their conditions including torture at the detention facilities. To sum up, data included in this research concerning the number of detainees from Erbil and its districts and sub-districts are based on the information gathered from the used documents.

**Key word**: Baath, Arrest, Erbil, Coup, prison.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# حملة الاعتقالات العشوائية البعثية بعد انقلاب 8 شباط 1963 في مدينة اربيل/ دراسة وثائقية

**خلاصة**

تطرق هذا البحث، وبالاستناد الى وثائق رسمية عراقية غير منشورة، الى حملة الاعتقالات التي قامت بها الحكومة العراقية بعد انقلاب ٨ شباط ١٩٦٣ في مدن العراق وكوردستان ومن ضمنها مدينة اربيل، التي قام (الحرس القومى) والاجهزة الامنية والعسكرية الاخرى باعتقال مئات الاشخاص من أبناء المدينة والمناطق التابعة لها إداريا. وقد تطرق البحث في البداية إلى موضوع اعتقال اعضاء ومؤيدي الحزب الشيوعي العراقي مثل والحزب الديمقراطي الكوردستاني. وفضلا عن ذلك احتجاز واعتقال أفراد من مختلف الطبقات والشرائح (الفلاحين, الكسبة, المهنيين, التجار, المعلمين, الموظفين, الاطفال, النساء, العجزة والشيوخ ). وفي جانب اخر من البحث تم تسليط الضوء على السجون والمعتقلات التي اعتقل فيها المحتجزين من اهالي اربيل وأوضاعهم فيها وما تعرضوا له من تعذيب. وتمت الإشارة في نهاية البحث الى احصاءات عن اعداد المعتقلين من أهالي أربيل والأقضية والنواحي التابعة لها، بالإعتماد على المعلومات الواردة في تلك الوثائق.

**الكلمات الدالة/** البعث، الاعتقال ، اربيل, الانقلاب, السجن.